بەمبەکی تەقەنەر فڕۆدرایە بە سەر ماڵی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل

میدیاکانی ناوخۆی ئیسرائیل ڕۆژی شەممە بڵاویانکردەوە کە بەمبەکی تەقەنەر فڕۆدراوە بە حەوشەی ماڵی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهۆ لە ناوچەی قەیسەریا لە ناوندی ئیسرائیل.

هادیەی سوپای ئیسرائیلی لەمبارەیەوە ڕایگەیاند، "ئاگرێک لە ماڵی نەتانیاهۆ لە قەیسەریا کراوە لە ئەنجامی تەقینەوەی بەمبێک کە هیچ زیانی گیانی لێنەکەوتەوە و هیچ زانیارییەک نییە دەربارەی چۆنیەتیی گەیشتنی ئەو بەمبە تەقەنەر بە ماڵی سەرۆک وەزیران یان ئەو شوێنەی تێیدا هەڵدراوە و پۆلیس لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەی دەستپێکردووە".